

**رەنج سەنگاوی**

ئەبێ بمبووری بابە گیان
تفەنگەکەت، لەمەودوا
ناکەمەوە شان
دایکم ناخەمەوە گریان
ئێستاکە لە تاو خەمی نان
ناپەرژێمە سەر نیشتیمان
لای ئەبو فالح شاگردم
کە ئاڵاکەمانی سوتان
لەو ڕۆژەوەی تۆ شەهید بووی
هەر بە تەنها هاوڕێیەکت
بەیانیەک هاتە لامان
دەنگی ئەویست تا لە بەغدا
ببێ بە ئەندام پەرلەمان.

# "سەحەر"ی دەمیرتاش بە کوردی بڵاودەبێتەوە



**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

کتێبی "سەحەر" کە سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان HDP لە زیندان نووسیویەتی، لەلایەن فەرهاد چۆمانی، نووسەر و وەرگێڕەوە کراوەتە سۆرانی و بەمزووانە لەلایەن ناوەندی غەزەلنووس لە سلێمانی بڵاودەبێتەوە.

فەرهاد چۆمانی لەبارەی کتێبەکە و وەرگێڕانی بۆ کوردی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "ئەم کتێبە کۆمەڵە چیرۆکە، لە 12 چیرۆک پێکدێ، ناوەڕۆکی چیرۆکەکان تێمای سیاسین و بەشێوازی ئەدەبی گوزارشتیان لێ کراوە. ئەم کتێبە جگە لە چێژە ئەدەبییەکەی، ڕەهەندێکی سیاسی هەیە و خودی ناوی نووسەرەکە وا دەکات زۆرتر بخوێنرێتەوە".

هەروەها لەبارەی وادەی باوبوونەوەی کتێبەکە بە زاراوەی سۆرانی، چۆمانی گوتی: "پێداچوونەوە و پاکنووسی بۆ کراوە و لە دوو هەفتەی داهاتوودا ناوەندی غەزەلنووس وادەی بڵاوبوونەوەی رادەگەیەنێ".




فەرهاد چۆمانی لەو باوەڕەدایە چاپی کوردیی کتێبەکە پێشوازییەکی گەرمی لێبکرێ و دەڵێت: "بەوەدا کە بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش کەسایەتییەکی سیاسیی خۆشەویستە لەنێو خەڵکی باشووری کوردستان، هەر لە ئێستاوە سەدان کەس تامەزرۆیی خۆیان بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە نیشانداوە".

"سەحەر" ناونیشانی یەکێک لە چیرۆکەکانی نێو کتێبەکەیە و بووەتە ناونیشانی کتێبەکەش، کتێبەکەی دەمیرتاش تاوەکو ئێستا لە تورکیا 13 جار چاپکراوەتەوە و 200 هەزار دانەی لێ فرۆشراوە. بڕیاریش وایە داهاتی کتێبەکە بۆ منداڵانی بێکەس و بێ سەرپەرشت تەرخان بکرێ.

# بەدرخان سێ کتێبی بێخاڵی چاپ دەکات

**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

لە درێژەی پرۆژەکانیدا بۆ پشتیوانیکردنی نووسەران و رۆژنامەنووسان لە چاپکردنی بەرهەمەکانیان، ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی رۆژنامەوانی و کولتوور، سێ کتێبی نووسەر و رۆژنامەنووس (نووری بێخاڵی) چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

نووری بێخاڵی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "دوای چەند ساڵ چاوەڕوانی، بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی دەزگایەک کە پشتیوانی چاپکردنی بەرهەمی نووسەر و رۆژنامەنووسان بکات، بە سوپاسەوە ئەکادیمیای بەدرخان، ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی سێ کتێبی منی لە ئەستۆ گرت".

بێخاڵی لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکان گوتی :"ناوەڕۆک و بابەتی کتێبەکان جیاوازن. دیدگا کە کتێبێکیانە، بریتییە لە کۆمەڵێک لیکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی. کتێبەکە 400 لاپەڕە. کتێبی دووەمیش بە ناوی روانگە، کۆی گۆشەی رۆژنامەکان و ژمارەیەک لە وتارە رۆژنامەنووسییەکانمە لەبارەی میدیا و رۆژنامەگەری. سێیەمیشیان کتێبێکی شیعرییە بە ناوی (سەفەر نیشتمانی نییە) کە ئەمەش دووەم کتێبی شیعریی منە دوای کتێبی شەلاڵم بە عەتری ئێوارە".

دەربارەی کاتی بڵاوبوونەوەی کتێبەکانیش، گوتی: "کتێبەکان ئێستا لە چاپخانەن، بڕیارە هەفتەی داهاتوو تەواو بن. دوای چاپکردنیشیان، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان، لە سلێمانی و هەولێر و رواندز و سۆران، ڕێوڕەسمی ناساندنیان بۆ ڕێکدەخرێ. پاشانیش بەسەر کتێبفرۆشییەکانی کوردستاندا دابەش دەکرێن".




# شیعری شاعیرانی هەولێر بڵاودەکرێتەوە



**■ هەولێر. ڕووداو**

بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی وێژەیی هەولێر کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەری هەولێرە لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بەرهەمی ژمارەیەک شاعیری هەولێر، لە دوو چاپی جیاوازدا بە زمانی کوردی و عەرەبی چاپ و بڵاوکردەوە.

زانا خەلیل، بەڕێوەبەری چالاکی وێژەیی هەولێر بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی راگەیاند: "هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی هەولێر" لە ئامادەکردنی باهۆز مستەفا و "تلاوین شعریە من اربیل"، لە ئامادەکردنی محەممەد حوسێن موهەندیس، دوو چاپکراوی نوێی بەڕێوەبەرایەتییەکەمانن". ئەم دوو بەرهەمە دەقی شیعریی ژمارەیەک شاعیری هەولێر لە گەنج و بە تەمەنەکان لەخۆدەگرێت. باهۆز مستەفا، لەبارەی چاپە کوردییەکەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی هەولێر، 55 شیعری شاعیرانی گەنج و بە تەمەنی هەولێری تێدایە". چاپی عەرەبیی پرۆژەکە، دەقی 66 شاعیر لەخۆدەگرێت، شیعری هەندێ لە شاعیران، لە هەردوو چاپی کتێبەکەدا بڵاوکراونەتەوە".

بەشێک لە شاعیران، گلەیی لەوە دەکەن کە ئەم دوو بەرهەمە دەقەکانی ئەوانی لەخۆنەگرتووە، باهۆز لەوبارەیەوە گوتی ئەو بودجەیەی لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بۆیان دیاری کراوە، بەشی ئەوەی نەدەکرد لە قەبارەیەکی زیاتر چاپ بکرێت، بەڵام گوتی لە ئێستاوە کار لەسەر بەرگی دووەمی ئەم بەرهەمە دەکات.


















# تۆنی مۆریسۆن،

## وەبەرهێنانەوەی یادەوەریی ستەم

**نووری بێخاڵی**



تۆنی مۆریسۆن، ساڵی 1931 لە شاری لۆرینی سەر بە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکا لەدایک بووە. ساڵی 1949 چووەتە زانکۆی هاوارد کە ناودارترین زانکۆی ڕەشپێستەکانە و جگە لە بڕوانامەی یاسا، بەکالۆریۆسی لە ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە. ساڵی 1953 ماستەری لە ئەدەبیات لە زانکۆی کۆرنیل بەدەستهێناوە. پاشان لە 1955 بڕوانامەی لە بواری دەروونزانیدا وەرگرتووە. لە زانکۆکانی (هاوارد، ییَل، زانکۆی باشوور لە تێکساس، برینستۆن) وانەی گوتووەتەوە، هاوکات وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەبیش ناسراوە و لەم بوارەدا وانەی لە بواری ئەدەبی ئەفریقی و ئەمریکی گوتووەتەوە. ساڵی 1958 هاوسەرگیری کردووە و ساڵی 1964 لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە. ئینجا چووەتە نیویۆرک و لەوێ وەک نووسەر لە بنکەی سەرەکیی خانەی چاپ و پەخشی (ڕاندۆم هاوس) دەستی بەکار کردووە.

مۆریسۆن لە خێزانێکی هەژار، بەڵام هۆشیار و ڕۆشنبیر چاوی کردووەتەوە، باپیرەی میوزیکژەن بووە، باوکی کاری ئاسنگەریی کردووە، بەڵام خوێنەرێکی باشیش بووە، دایکیشی گۆرانیبێژ بووە و زۆریش حەزی لە دونیای شانۆ کردووە. سەرەڕای سەختیی ژیانی خێزانەکەیان، بەڵام چونکە لە ژینگەیەکی هونەری و ڕۆشنبیریدا گۆش بووە، هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەبیات بووە و خووی داوەتە خوێندنەوە. ئاشنایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ڕووسیدا پەیدا کردووە و هەر ئەم خولیا و ئاشناییەش، وایان کردووە لە زانکۆدا بواری زانستە مرۆییەکان و ئەدەبیات تەواو بکات.

### دەسپێکی نووسین

سەرەڕای هەژاری و خراپیی باری ئابووری، بەڵام ژینگەی خێزانیی مۆریسۆن، ژینگەیەکی لەبار بوو کە تێیدا بتوانێ بەم ڕۆژە بگات. خولیا و ئارەزووی بۆ دونیای ئەدەب، خوێندنەوەی بەردەوام، ئاشنابوونی بە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، هەموو ئەوانە ڕۆڵیان لە گەشەکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی مۆریسۆندا هەبووە. ئەو لەگەڵ ئەوەی خوێنەرێکی جددیی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ڕووسی بووە، هاوکات باوکیشی بەردەوام چیرۆکە فۆلکلۆری و میللییەکانی کۆمەڵگای ڕەشپێستەکانی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ گێڕاوەتەوە، ئەوەش دواجار لە شێوازی نووسینی مۆریسۆندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیەش دەسپێکی نووسینی بە چیرۆکی خەیاڵی بووە.

مۆریسۆن درەنگ دەستی بە نووسین کرد، ئەو کە لە زانکۆی هاوارد، تاکە قوتابی ڕەشپێست بوو، لە ساڵانی دەسپێکی خوێندنی زانکۆییدا، ئەو دەمەی ڕەشپێستەکان لە گەرمەی شەڕی وەدەستهێنانی مافەکانیاندا بوون، دەستی بە نووسین کردووە. دوای پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری زانکۆکەیشی، یەکەم کورتە چیرۆکی خۆی نووسیوە. چیرۆکی کچێکی ڕەشپێست کە هیواخوازە دوو چاوی شینی هەبووایە، ئەوەی دواجار کردی بە ڕۆمانێک و بەناوی (چاوە زۆر شینەکە) بڵاوی کردەوە.

جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی، هۆکار و پاڵنەرێکی باش بوو بۆئەوەی خۆی بە نووسینەوە خەریک بکات و بیکاتە پڕۆژەی ژیان و ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جەور و ستەمەی لە ڕەشپێستەکان دەکرا. لەوبارەیەوە دەنووسێ: "سەرەتا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو گۆڕانە لەناکاوەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیمدا هات، هەروەها وەک هەوڵێک بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ژینگەی نوێ، دەستم بە نووسین کرد، بەڵام دوای ئەوە تێگەیشتم کە نووسین بووەتە پێویستیی ژیان، بەتایبەتی وەک ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە دژی ئەو هەموو ستەم و چەوساندنەوەیەی ڕووبەڕووی کەسوکارە ڕەشپێستەکانم دەبووەوە".

تۆنی کە لە نووسینەکانیدا واقیعیانە و بە قووڵی و جۆرێک لە هاوسۆزی، ڕەوشی ژیانی ڕەشپێستەکانی وێنا کردووە، لەسەر زاری کەسایەتییەکی ڕۆمانی (مەحبووبە) وە دەڵێ: "هەر شتێکی کە هەمبوو، هەموو ئەو شتانەیش کە خەونم پێیانەوە دەبینین، سپیپێستەکان بردیانن و دڵیان تێکشکاندم". ئەو هەر لە یەکەم ڕۆمانیدا بەناوی (چاوە زۆر شینەکە) و لە کارەکانی دواتریشیدا، هەوڵی زۆری داوە تیشک بخاتە سەر چەند قۆناغێکی گرنگی مێژووی ئەمریکا. ئەو ئەمریکایەی بە بۆچوونی مۆریسۆن، وڵاتێکە ئەوانی دیکەی بە کۆیلە کردووە و دواجار ئەویشی بە کۆیلە کردووە. وڵاتێک کە لەسایەیدا، هەموو ئەو کەسایەتییانەی لە ئاکامی ستەم و چەساندنەوە و سەرکوتکردن ژیانیان پێگەیشتووە، خوازیاری مردن، یان لەبیرکردن، یاخود سڕینەوەی ڕابردوو بن. تەنانەت ئەو بۆ خۆی گەیشتووەتە ئەو یەقینەی کە لە نێوان بژارەکانی مردن و هیواخواستن بۆ ئایندەیەکی گەشتر، ڕەنگە مردن باشترین بژارە بێت.

### گەنجینەی نووسین و خەرمانەی خەڵات

مۆریسۆن بە تەنیشت کاری ئەکادیمی، ژنێکی فرەبەهرە و بە سەلیقە بووە.

ڕۆماننووس، شاعیری ئۆپێرا، نووسەری منداڵان و ڕەخنەگری ئەدەبی. بەرهەمەکانی لە بواری ڕۆماندا بریتین لە: (چاوێکی زۆر شین – 1970)، (ساولا – 1974)، (سروودی سلێمان – 1978)، (منداڵیی قەتران – 1981)، (مەحبووبە – 1987)، (میوزیکی جاز – 1992)، (بەهەشت – 1999)، (خۆشەویستی – 2003)، (هەزار بەزەیی – 2008)، (خوا پەنای منداڵەکە بدا – 2015). ڕۆمانەکانی مۆریسۆن وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا، لە پای بەرهەمەکانی ژمارەیەک خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە. لەوانە، خەڵاتی کتێبی نیشتمانی لە پای ڕۆمانی (ساولا – 1973)، خەڵاتی نیشتمانیی ڕەخنەگران بۆ ڕۆمانی (سروودی سلێمان)، هەروەها ڕۆمانی (مەحبووبە) کە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا و خەڵاتی پۆلیتزەری وەرگرتووە، بەگوێرەی ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزیش، وەک باشترین بەرهەمی خەیاڵیی ئەمریکی لە نێوان ساڵانی (1981 – 2002) دەستنیشان کراوە. هاوکات ساڵی 2006 وەک باشترین ڕۆمانی ئەمریکی دوا چارەگە سەدەی ڕابردوو هەڵبژێردرا. دوای ئەوەی بە ناونیشانی (ئیمیتی دووگیان) وەک شانۆگەری نمایش کرا، ساڵی 1988 کرایە فیلمێکی سینەمایی و (ئۆپێرا وینفری) ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینی، ساڵی 2016ش وەک زنجیرەیەکی ڕادیۆیی لە میانی بەرنامەی (15 خولەک دراما)، بە دە ئەڵقە لە ڕادیۆی بی بی سی پەخش کرا. دواجار تۆنی لە پای کۆی کار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی، ساڵی 1993 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشرا.

### لە ڕەحمی کۆیلایەتییەوە

خێزانی مۆریسۆن لە دەستی مەینەتییەکانی کۆیلایەتی و چەوساندنەوە لە باشوورەوە کۆچیان بۆ ئەو ناوچەیە کردبوو کە تێیدا لەدایک بوو. باوکی کە ئاسنگەر بووە و کاری کشتوکاڵیشی کردووە، بەرمەبنای ئەزموونی ژیانی خۆی و نەوەکانی پێش خۆی، پێیوابووە بەیەکەوەژیانی هاوسەنگ و ئارام لەناو سپی و ڕەشپێستەکاندا ئەستەم بووە، بۆیەش کۆچیان کردووە. دایکیشی کە مۆریسۆن زۆری لەبارەوە گوتووە، ئازارێکی زۆری بەدەست ستەمکاریی سپیپێستەکان و هەلومەرجی سەختی ژیانیانەوە چەشتووە، زۆر حەزی بە سەردانیکردنی هۆڵەکانی شانۆگەری کردووە، بەردەوامیش لە کاتی نمایشدا لەو شوێنانە دانیشتووە کە تایبەت بوون بە سپیپێستەکان. کاتێک بەڕێوەبەرایەتیی شانۆکان، ئاگاداری و هۆشدارییان بە دیوارەکانەوە هەڵواسیوە و هەڕەشەی دەرکردنیان لە هەر ڕەشپێستێک کردووە کە لە شوێنی سپیپێستەکان دابنیشێ، دایکی ئەو ئاگادارینامەکانی دڕاندوون و پارچە پارچەی کردوون و بەناو داڵانی شانۆ و هۆڵەکاندا پەرشوبڵاوی کردوونەتەوە. لەوەش گرنگ و سەرنجڕاکێشتر، ئەو ژنە بەردەوام لەبارەی ژیانی سەختی ڕەشپێستەکان، نامەی گلەیی و نارەزایی بۆ (ڕۆزفێڵت)ی سەرۆک نووسیوە.

### سیاچارەیی، یان وەیشوومەی سپی؟

مۆریسۆن زۆر گرێدراوی ڕەچەڵەک و ڕەسەنێتی و ڕابردووی خۆی بووە، خۆی لە ئازاری کۆمەڵگاکەی جیانەکردووەتەوە. ئەگەرچی خێزانەکەی لەدەستی ستەمی کۆیلایەتی سەریان هەڵگرت و باشووری زێدی خۆیان جێهێشت، بەڵام ئەو ژان و ئازارانەی لە ناخ و یادەوەریی خۆی و خێزانەکەیدا بوون، کردنی بە بابەتی یاخیبوون و چەکی داکۆکیکردن لە مافەکانیان.

ڕۆمانەکانی مۆریسۆن گێڕانەوەی یادەوەریی پڕ برینی زیاتر لە سێ نەوەی ڕەشپێستەکانن.. ئەو یادەوەرییەی پڕیەتی لە وێنەکانی کۆیلایەتی و چەوساندنەوە.. ئەو یادەوەرییەی کە وا لە مۆریسۆن دەکات بڵێ "ڕاستییەکەی هیچ شتێک نییە بەناوی چانسی خراپ لە جیهاندا، ئەوەی هەیە گەلی سپیپێستە و بەس". بەو مانایەی دەیەوێ بڵێ کە کۆیلایەتی و ئەو ستەمەی لە هاوڕەگەزەکانی دەکرێ، هەرگیز پەیوەندی بە سیاچارەیی و بەدبەختیی خۆیانەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە گەلێکەوە هەیە کە سەرچاوەی هەموو ئەو سیاچارەیی و بەدبەختیانەی ئەوانن، ئەویش سپیپێستەکانن.

دیوێکی گرنگی ڕۆمانەکانی مۆریسۆن ئەوەیە کە گێڕانەوەی ئەو یادەوەریانە دەکەنە هەوێنی تێکۆشان دژی کۆیلایەتی و چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازیی نەژادی و ڕەگەزپەرستی. ئەگەرچی پیاوی کۆیلە کەرەستەیەکی گرنگی ناو ڕۆمانەکانی ئەو نووسەرەن، وەک ئەوەی لە ڕۆمانی (سروودی سلێمان) دا دەیخوێنینەوە. چیرۆکی ئەو کۆیلە ڕەشپێستەی هەوڵی ڕاکردن لە یادەوەرییەکانی کۆیلایەتیی خۆی دەدات و دەکۆشێ هەموو دیمەن و گرتەکانی ئەو سەردەمی لەمرۆخستن و چاخی بەربەریەت و ستەمکارییە لەبیری خۆی بباتەوە، کەچی بێدەست و ویستی خۆی، بەردەوام ئازارەکانی کۆیلایەتی باوک و باپیرانی لەگەڵیدا دەژین. وەکوتر ژن وەک سیمبولی چەوساندنەوە و ئەو سیستەمەی کۆیلایەتییە، تەوەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکانین. لە ڕۆمانەکانیدا، بە هەموو ماناکانی لەمرۆخستن، ژن لە دوو ئاستی چەوسانەوە و ستەملێکراویدا وێنا دەکات. بەوپێیەی سەرەڕای ئەوەی لەلایەن سپیپێستەکانەوە وەک پیاو بە کۆیلە کراوە، هاوکات لەناو کۆمەڵگای خۆیشیدا، خەون و خولیاکانی بۆ عیشق و ئەوین، قوربانیی کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و هێڵە سوورەکانی کۆمەڵگاکەین.

### نووسین و تۆڵە!

کاتێ مێژووی ئەمریکای سەردەمی کۆیلایەتی بە وردی دەخوێنینەوە، لە نزیکەوە.. لەناو چیرۆکە میللییەکانیاندا، سەربوردەی مەینەتیی کۆیلەکان دەژنەوین.. لەناو ڕۆمانە ناسراوەکانیاندا، گوێ لە ترپەی دڵی پڕ ئازاری کۆیلەکان دەگرین و دیمەنە تراژیدی و دڕندەییەکانی ناو فیلمەکانیان دەبینین. هەڵوێستی ژیاندۆستانەی ئەو نووسەرە کە خۆی و باوک و باپیرانی، قوربانیی سیتەمکاریی کۆیلایەتین، نەک هەر سەرنجمان ڕادەکێشێ، بەڵکوو لەو ڕۆحی لێبووردەییەی قوربانی، تووشی شۆک دەبین. ئەو قوربانییانەی نەوە دوای نەوە، چەوساندنەوەیان بە میرات بۆ بەجێماوە.

ئەوەتا مۆریسۆن دەڵێ: "من بۆ تۆڵەکردنە لە ڕەگەزپەستی نانووسم، بەڵکوو بۆ گۆڕینی زمان دەنووسم، زمانێک کە لە بەهای مرۆڤەکان کەم نەکاتەوە. من شمشێرم هەڵنەگرتووە و هەرگیز نامەوێ وەڵامی ستەمکاری بدەمەوە، تەنیا دەمەوێ بە دەنگی ژنە ڕەشپێستەکان، بۆشاییەکان پڕ بکەمەوە". نووسەر بەم گوزارشت و دەربڕینە ژیان و مرۆڤدۆستییە دەیەوێ بڵێ: من، یان ئێمەی ڕەشپێست، نامانەوێ کۆپی ستەمکار بین.. نامانەوێ بە هەمان زمانی ئەوان وەڵامیان بدەینەوە، بەڵکوو مەبەستمانە وەک هەر مرۆڤێکی سپیپێست، وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ئاسایی کە مافی پاراستنی بوون و ژیان و شکۆی هەیە، ئێمەش خودی مرۆیی خۆمان بسەلمێنین، ئێمەی ئەمریکی بە ڕەچەڵەک ئەفریقی. ئەو بە نووسینەکانی ڕۆدەچێتە قووڵاییەکانی ڕابردوو، بەناو تونێلە لوولپێچەکانی مێژوودا ڕەت دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەک و ڕەگەکانی، نووسەرێکە زۆر باش لە ماناکانی ئازادی و بوون و بەها و شکۆی مرۆیی گەیشتووە. خەونی مەزنی ئەو ژنە نووسەرە و هەوڵی بەردەوامی بۆ خودسەلماندنە، بە بەخاوەن دەرکەوتنە لە شوناس، نەک بۆ تۆڵەسەندنەوە. کاری ئەو، وەک لە ناوەڕۆکی نووسینەکانیدا دەیبینین، ململانێیە لەنێوان ڕاهاتن لەگەڵ واقیعی داسەپاوی سپی (ستەمکاریی سپیپێستەکان) و پاراستنی شوناسی ڕەش (ڕەشپێست وەک بوونێکی مرۆیی). هەر ئەم ڕوانگە مرۆیی و ژیاندۆستیەشە، کە وای کردووە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ببنە جێی سەرنج و بایەخی ڕەخنەگر و خوێنەر و ئەدەبدۆستان.

جگە لە ڕۆمانی یەکەمی (چاوە زۆر شینەکە) کە بەهۆی گێڕانەوە داستانی و وێناکردنە شاعیرییەکەی بۆ وردەکاریی ژیانی کۆمەڵگای ڕەشپێستی ئەمریکا، نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەیی وروژاند، وەکوتر ڕۆمانی (مەحبووبە) کە یەکێکە لەو کارە دانسقە ئەدەبیانەی لە باری شێوازی نووسین و ناوەڕۆکدا لە لووتکەدایە. ڕۆمانێکە پڕ لە ڕووداو کە دەکرێ لە دیدگا و گۆشەنیگای جیاوازیی مرۆیی و مێژووییەوە، خوێندنەوە بۆ هەر یەکێک لەو ڕووداوانە بکرێ کە بە ڕایەڵی جیاواز دەچنەوە سەر یەک و بەیەکەوە وێنەیەکی گشتگیری واقیعی ستەمی کۆیلایەتی و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگای ڕەشپێستمان پیشان دەدات.

لێبووردەیی وەک هەوڵی خۆپێناسەکردنەوە، ڕەگەزپەرستی لە دژی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا، بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکانی مۆریسۆنن. ئەو لە هەر ڕۆمانێکیدا بە جۆرێک و لە ڕوانگە و گۆشەی جیاوازی ناو ئەو مێژووەوە، بابەتی کۆیلایەتی و ستەمکاری و چەوساندنەوە و ڕەگەزپەرستی دەکاتەوە بە تەوەری قسەکردن. دیمەنی سەرەکیی ئەو گرتە جیاوازانەش، گێڕانەوەی چیرۆک و سەربوردەی بە کۆیلەکردنی ئەفرۆئەمریکییەکانە. لایەنێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکانی ئەو ژنە نووسەرە، ململانێیە. ململانێی نێوان تاک و کۆمەڵگا، ئیتر ئەو ململانێیە هی ناو کۆمەڵگای سپیپێستەکان بێت، یان هی ڕەشپێستەکان.

ڕوونتر بڵێین، لە ڕێگای نووسینەوەی مێژووی ئەمریکاوە، مۆریسۆن یادەوەریی کۆیلایەتی و ڕابردووی ئەفرۆئەمریکییەکان شەنوکەو دەکات و لەبارییەکی هەڵدەوەشێنێتەوە.. هەڵوەشاندنەوەیەک وەک شیکردنەوەی تاڵەکانی خوری، وەک شەنەکردنی خەرمانە لەبەر با.. ئەو لە ڕۆمانی (میوزیکی جاز)دا، ئێش و ئازاری ناو مێژووی هاوڕەگەزەکانی، دیمەنەکانی ناو ئەو یادەوەرییە برینداریان، بارگاوی بە میوزیکێکی خەمگینی ناوەوەی خۆی کە لە دەربڕینەکانیدا ئاوازە ناسۆرەکانی دەژنەوین، هەروەها بە ئاوێتەکردنیان لەگەڵ ترسی کوشندەی لە شتەکان کە لە گێڕانەوەکانی و وێناکردنی دیمەنەکانی دڕندەیی سیستەم نیشانمانی دەدا، ڕوونتر بە وردەکارییەکان ئاشنامان دەکات و سەرنجڕاکێشانە بۆ ناو کونج و کەلەبەرەکانی ئەو تاریکاییەی مێژوو دەستمان دەگرێ، ئەمە بەبێ ئەوەی لە دەربڕینێکیدا بۆن بە ڕقەوە بکەیت، بەبێ ئەوەی لە نیشاندانی وێنە و دیمەنێکی گێڕانەوەکانیدا هەست بەوە بکەیت، کە بیر لە تۆڵەسەندنەوە دەکاتەوە. ئەمە ئەو دونیابینییە باڵادەستەی گێڕانەوەیە کە وا دەکات یەکێک لە ڕەخنەگرەکان بڵێ: "مۆریسۆن نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئەخلاقێک و ویژدانێکی زیندوو دەکات کە هاوشێوەیان نییە". بە گشتی، ئەو مێژووە سەرڕێژ لە دڕندەییە، جگە لەوەی نووسەر دەیانکاتە کەرەستەی بێدارکردنەوەی ویژدانی مرۆیی و هەوڵێک بۆ بەرهەمهێنانی لێبووردەیی و فاکتەری بەخاوەن دەرکەوتن لە شوناس و خۆسەلماندن، هاوکات دەشیانکاتە کەرەستەی داهێنانی ئەدەبی.

بەکورتی، مەبەستی ئەو لە هەڵکۆڵین لەناو یادەوەری وەک خۆی دەڵێ، بۆ ئەوەیە: "لە میانی دەوروبەرەکەم و ئەو یادەوەریانە، سیستەم و جوانی و ژیان دابهێنم. ئەو دەوروبەرەی هیچ نییە، جگە لە ترس و نیگەرانی و خەمۆکی و مردن".





لە بەشی دووەمی ئەم گفتوگۆیەماندا لەگەڵ نووسەری ناوداری کورد عەلی ئەشرەف دەروێشیان کە ساڵانێک پێش کۆچی دوایی بۆ پرۆژەی کتێبێک لەبارەی ژیانی تۆمار کراوە و وا لێرەدا چەند بەشێکی بۆ یەکەمینجار بڵاودەکرێتەوە، دەروێشیان دەربارەی بزووتنەوەی قوتابیان لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە ئێران دەدوێت و ئاماژە بە کاریگەریی بزووتنەوەی 1968ی فەرەنسا لەسەر بزووتنەوەی قوتابیانی ئەوکاتەی ئێران دەکات. هەروەها باسی جموجوڵ و چالاکیی سیاسی لەو رۆژگارەی ئێراندا و بەتایبەتی لە زانکۆی تاران، پاشان دەستگیرکردنی بۆ جاری یەکەم و مەرگی گوماناویی چیرۆکنووسی گەورە سەمەد بێهرەنگی و کاردانەوەی بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە پاش مەرگی ئەو.

هەڤپەیڤین: مەریوان هەڵەبجەیی

بەشی دووەم

## عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوەدا

# سەمەد بێهرەنگی لە دوای مەرگی زیاتر خوێندرایەوە

مەریوان هەڵەبجەیی: هاوکات لەگەڵ شۆڕشی 1968ی قوتابیانی فەرەنسا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و خوێندکارییەکان لە چەند وڵاتێکی تری ئەورووپا و ئەمریکای لاتین و تەنانەت ئاسیا و لەناویشیاندا ئێران گوڕوتین بەخۆوە دەبینێ و زانکۆی تاران دەچێتە قۆناغێکی پڕ لە بزاوت و چالاکی و حیزبە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی بزووتنەوەی قوتابیانی ئێران زۆر چالاک دەبن، تۆ لەو کاتەدا قوتابی زانکۆی تاران بووی و تازە لە کرماشانەوە هاتبووی، دەکرێت باسێکی ئەو رۆژگارە بکەیت؟

دەروێشیان: شاری تاران و زانکۆی تاران لەو سەردەمەدا دۆخێکی تایبەت و پڕ لە جۆش و خرۆش دەژیان. زۆر کەس دەیانگوت لە دوای کودەتاکەی ساڵی 1953 و دوورخستنەوەی دکتۆر موسەدەق و ئەو بێهیواییە زۆرەی لەو قۆناغە و دواتردا دروست بوو، ئەوە یەکەمجار بوو هیوا و گوڕوتینێکی وا پەیدا ببێ، پارتەکان بەنهێنی و ئاشکرا چالاکییان دەکرد و بزووتنەوەی قوتابیان بە مێژووی خۆی هێندە چالاک و کاریگەر دەرنەکەوتبوو. بە هەمان شێوە رۆڵی نووسەران و رۆشنبیران کە چالاکتر لە هەمیشە دەردەکەوتن و بەشداریی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانیان دەکرد و پردێکی بەهێز لەنێوان قوتابیان و نووسەران و رووناکبیراندا دروست بووبوو. بە جۆرێک دۆخەکە حەماسی بوو، ناڕەزایەتی و تووڕەیی بە چەشنێک پەرەی سەندبوو، کاتێک لە ساڵی 1967 دا فەڕوغ فەڕوغزاد بە رووداوی ئۆتۆمبێل مرد، ڕێپێوانێکی گەورەمان بەڕێخست و وامان نیشاندا کە مەرگی گوماناویی ئەو، نەک هەر جێگای گومان نییە، بەڵکو بە دڵنیاییەوە حکومەتی لەپشتەوە بووە و نابێت بێدەنگ بین. بەیاننامەمان دەرکرد و ڕێپێوانەکە تەنانەت لەناو زانکۆدا نەمایەوە و هاتە دەرەوە و خەڵکی هۆشیار هاتنە ناومانەوە و رۆژێک تا ئێوارە بەشەقامەکانی تاراندا بە گەرمییەکی کەموێنەوە بەردەوام بوو. دیارە لێدان و سەرکوتکردن بەردەوام هەبوو، دەشزانیت بەشی هەرەزۆری بزاوتی ئەوکاتە لەژێر کاریگەریی چەپدا بوو، دیارە چەپەکانیش لەو کاتەدا ئاراستەی جیاواز و دیدی جیایان هەبوو. بەڵام سەرەڕای ناکۆکییە زۆرەکانیان، کاریگەریی زۆریان لەسەر کەشی زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ و بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگە هەبوو. ئاشکرایە بزووتنەوەی قوتابیانی ئێران مێژوویەکی کۆنتر و کاریگەری هەیە و لە چەندین

> بێهرەنگی بڕوای وابوو بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە دەبێت لە سیستەمی پەروەردەوە هەموو شت بگۆڕی

دەیەی لەپێشترەوە پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا هەبووە و ئاگاداری بزووتنەوە خوێندکارییەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بووە، بەڵام لە سەرەتای شەستەکانەوە و بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی شەستەکانەوە چالاکییەکانی دەگەنە ترۆپک. لەو قۆناغەدا سەرەڕای ئەو بێهیواییە زۆرەی ستەمکاری و نادادپەروەریی رژێمی شاهەنشاهی، هەمیشە هیوای گەورەش بە گۆڕان و خەبات هەبوو. واتە هیچ کاتێک خەڵکی رۆشنبیر و نووسەران و قوتابیانی زانکۆ و بزووتنەوەی ژنان دەستەوەستان نەبوون و بەردەوام بەهیوایەکی زۆرەوە بەردەوامییان دەدا بەکار و چالاکییەکانیان. بۆ من ژیان و خوێندن لە کەشێکی وادا زۆر گرنگ بوو، وەک ئەوە وابوو گەورەترین ئاسۆ ببینم. کەسانێکمان هەبوو راستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ ئەو قوتابیە ئێرانیانەدا هەبوو کە لە پاریس بوون و چالاکییان دەکرد لەناو بزووتنەوەی قوتابیانی فەرەنسادا. لە ئەڵمانیا کەسانێک هەبوون پەیوەندیان هەبوو لەگەڵماندا. ئەمانە نەک گوڕوتینێکی زۆریان بە ئێمە دەبەخشی بۆئەوەی باشتر و جدیتر کار و چالاکی بکەین، بەڵکو هیوای لا دروست کردبووین کە لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاریی گەورە لە دونیادا رووبدات. زۆر کەسم ناسی و زۆر لەو کەسانە دواتر بوونە شاعیر و نووسەر و رەخنەگری گەورە. کۆبوونەوەی بەردەوامان و گفتوگۆی هەمیشەی نێوانمان، کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر دروستبوونی بیروباوەڕمان و هەروەها روانینمان بۆ ئایندە. لەو ساڵانەدا یەکێک بووم لە قوتابییە هەرە چالاکەکان و هەموو باڵە چەپەکان و هەموو گرووپە جیاوازەکان متمانەیان پێدەکردم و بەیاننامە و نووسراوە نهێنییەکانی خۆیان دەدامێ و منیش بڵاومدەکردنەوە. من هیچ کاتێک بەفەرمی نەبوومە ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی چەپ، بەڵام هەمیشە و هەر لەو قۆناغەوە تا ئێستا خۆم بە چەپ زانیوە و بە هیوای ئایندە و رزگارکەری دەزانم. چەند مامۆستای زۆر بەتوانامان هەبوون، نووسەری زۆر باش بوون و زۆر کاریگەرییان لەسەرمان هەبوو، وەک چیرۆکنووس و رەخنەگر و رووناکبیری گەورە جەلال ئالی ئەحمەد، میهرداد بەهار، بەهرام فرەوەشی، دکتۆر سیمین دانیشوەر کە جوانیناسی و مێژووی هونەری پێدەگوتین و یەکەم رۆماننووسی ژن و لەڕاستیدا باشترین نووسەری ژنی ئێرانە و خۆشبەختانە ئێستاش هەر دەنووسێت. دکتۆر ئەمیر حوسێن ئاریانپوور کە کۆمەڵناس بوو، ئەم مامۆستایانە زۆر جەسوور بوون و بەدەر لە وانەکانی خۆمان، دەربارەی زۆر پرسی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی قسەیان دەکرد بۆمان و بێ هیچ ترسێک مەبەستیان بوو هۆشیارمان بکەنەوە و بزانین چی لە کۆمەڵگە و دەوروبەرمان و دنیادا دەگوزەرێت. زۆربەشیان هاتوچۆی جێگا کولتووری و کۆڕە ئەدەبییەکانیان دەکرد و ئێمەشیان دەبرد. لەگەڵ هەندێکیاندا هاتوچۆی ماڵەوەمان هەبوو.

مەریوان هەڵەبجەیی: پێموایە هەر لەو کاتەدا بوو کە بۆ یەکەمجار کەوتیتە بەندیخانەوە، دەکرێت باسی بکەیت چۆن و بە چ شێوەیەک بوو؟ خۆ تۆ لەو کاتەدا هیچ نووسینێکت بڵاونەکردبووەوە و هێشتا وەک نووسەر دەرنەکەوتبووی، بۆچی دەستگیرکرای؟

دەروێشیان: راستە من لەو کاتەدا هیچ نووسینێکم بڵاونەکردبووەوە و زیاتر چالاکێکی خوێندکاری بووم و بەشداریی ڕێپێوان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانم دەکرد و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیم هەبوو. هەوڵم دەدا لە هەر جێگایەک، تەنانەت لە دەرەوەی زانکۆش، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دەربڕین هەبێ، خۆم بگەیەنمە ئەوێ و

> هیچ کاتێک بەفەرمی نەبوومە ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی چەپ

ئامادەییم هەبێت. بۆیە کاتێک ئاگاداربووم مەحمود ئیعتیماد زادە و محەممەد عەلی سەپانلو کە دوو نووسەری گرنگ و دیاری ئەو رۆژگارە بوون، دەستگیرکراون، بەیاننامەیەکم نووسی، زۆر توند بوو، دوایی زانییان من نووسیومە و تێهەڵدانێکی زۆریان کردم و دەستگیرکرام . دیارە لەو قۆناغەی خوێندندا چەندین جار دەستگیرکرام و دواتر ئازاد دەکرام، هاوڕێکانم دەیانگوت کە تۆ لە بەندیخانە دەبوویت، پێش ئەوەی بە مامۆستاکان بڵێین، کاتێک دکتۆر سیمین دانیشوەر دەهاتە پۆلەوە و دەیدی کورسییەکەت بەتاڵە، دەیگوت وابزانم دیسان عەلی ئەشرەفیان بردووە!

مەریوان هەڵەبجەیی: پێموایە هەر لەو کاتانەشدا بوو سەمەد بێهرەنگی لە ئاوی ئاراسدا خنکا، دەنگۆی ئەوە هەبوو هەمزەی فەلاحەتی بە پیلانی ساواک سەمەدی خنکاندووە و لە تاران و تەبرێز و زۆر شاری دیکە باس لەوە دەکرا کە سەمەد بەدەستی دەسەڵاتدارانی شا خنکێنراوە و هەر لەو کاتەشدا ڕێپێوانێکی گەورە ڕێکدەخەن و دواتریش وتارەکەی جەلال ئالی ئەحمەد و هەروەها غولامحوسەین ساعدی رۆڵی زۆریان هەبوو لەوەی سەمەد وەک شەهید بناسێنن و ئەوەی کە کەسانی ناو دامودەزگای شا کوشتوویانە، حەقیقەتی رووداوەکە چۆن بوو؟

دەروێشیان: ئێمە لەتاران بووین و رووداوەکەش لە ئێمەوە دوور بوو. سەمەد لەگەڵ هاوڕێکەی دەچێت بۆ سەر رووباری ئاراس. ئەوەی سەیرە، هەر ئەو رۆژە جانتاکەی کە کۆمەڵێک دەستنووس و کتێبی ئەلف باکەی تێدایە، دەیبات بۆ ماڵی ئەسەدی برای و لەبەردەم دەرگاکەوە دەیانداتێ و دەڵێت رەنگە من نەگەڕێمەوە! دواتر هەواڵ دێت بۆ ئەسەدی برای و دەڵێن رووداوێک روویداوە بۆ سەمەد و وەرن بۆ ئەو ناوچەیە، ئەسەد و کازم سەعادەتی و دوو زاوای سەمەد دێن بەدوای سەمەد-داو لە پاش دوو رۆژ گەڕان، سەمەد بەخنکاوی لە ئاوی ئاراسدا دەدۆزنەوە، دەبینن چەند جێگای جەستەی کون بووە، گەر بەشێوەی ئاسایی خنکاوە، ئەو کونانەی جەستەی چییە؟ بەسواری وڵاخ دەیبەن بۆ پزیشکی گوندەکە و پاش بینینی لەلایەن دکتۆرەوە، دکتۆرەکە لە راپۆرتی خۆیدا دەنووسێت ئەم کەسە پێش ئەوەی خنکابێت، لێیدراوە و زەربەی پێگەیشتووە و دواتر کەوتووەتە ئاوەوە. کەسوکارەکەی مەودایەکی زۆر تەرمی سەمەد بە وڵاخ دەگوازنەوە، چونکە ئۆتۆمۆبێل ناتوانێت بچێتە کەناری ئاراس و ئەو گوندانەی دەوروبەری. ئەو کەسەشی کە لە تەبرێزەوە لەگەڵ سەمەد هاتووە بۆ ئاراس بۆ مەلەکردن، لەوێ نەماوە و کەس هەواڵی نەدەزانی! ئەمەش گومانەکەی گەورەتر کرد. دواتریش حکومەت ئەو پزیشکە لەو ناوچەیە دەگوازنەوە. بۆ ئێمەی هاوڕێیان و خۆشەویستانی ئەدەبیات و بیروباوەڕی سەمەد، زۆر ئەستەم بوو باوەڕ بە مەرگی لەناکاوی بکەین. ئەو بۆ ئێمە و زۆر گەنجی ئەو رۆژگارە و هەموو کەسانی ئازادیخواز، ئوستوورەیەکی مەزن بوو. جگە لەوەی بەیاننامەمان دەرکرد و مەرگی گوماناویی ئەومان خستە ژێر پرسیارەوە، ڕێپێوانی گەورەمان بەڕێخست و هەوڵماندا لە بیانووی مەرگی ئەوەوە زۆر لە کار و چالاکییەکانی خۆمان بەرینە پێشەوە و گوڕوتین و تووڕەیی خەڵک زیاتر پەرە پێبدەین و دامودەزگا و سیستەمی شاهەنشاهی بزانێت ئێمە چەندە ناڕازی و تووڕەین لەو دۆخەی تێیدا دەژین. دیارە نەک هەر دوابەدوای مردنی و لە چلەکەیشیدا و بگرە تا کاتی ساڵڕۆژی مردنی، چالاکی و کۆڕی یادکردنەوە و دەرکردنی ژمارەی تایبەت و گۆڤارەکان تایبەت دەکران بە ژیان و مەرگ و بەرهەمەکانی سەمەد. بەتایبەتی بڵاوکراوە خوێندکارییەکان و ئەوانەی لەناو زانکۆکاندا چاپ دەبوون. لە یەکەمین ساڵڕۆژی دابوو من کتێبی (سەمەد بەنەمریی گەیشت) م بڵاوکردەوە و لە سەرتاسەری ئێراندا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، لە کەمتر لە چوار ساڵدا هەژدە جار چاپ کرایەوە. لە دوای مردنی سەمەد، بەرهەمەکانی زیاتر قەدەغە کران و چاودێری لەسەر بڵاوکراوەکان زیاتر بوو بۆ بەرهەمە چاپنەکراوەکانی. بەڵام چیرۆک و وتارەکانی زیاتر لە جاران دەستاودەستیان دەکرد و خوێنەرێکی لەڕادەبەدەریان هەبوو. سەمەد لەگەڵ مردنیدا جارێکی تر لەدایک بووەوە.

مەریوان هەڵەبجەیی: جارێک باست کرد گوتت سەمەد بێهرەنگیم لەماڵی جەلال ئالی ئەحمەد و سیمین دانیشوەر ناسی، کتێبی (ئەلف و بێ)کەی هێنابوو بۆ چاپ. دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە چی پێدەڵێن کە رازی نابێت بیانداتێ چاپی بکەن و دەگەڕێتەوە بۆ تەبرێز، کێشەی حکومەت لەگەڵ ئەو کتێبەدا چی بوو؟

دەروێشیان: جەلال ئالی ئەحمەد بە سەمەد دەڵێت هەستە وەرە بۆ تاران رازی بوون کتێبەکەت بۆ چاپ بکەن، وەرە و خۆت قسەیان لەگەڵ بکە، ئەویش دێت و دەڵێن کتێبەکەت زۆر باشە، بەڵام دەبێت ئەم بەشانەی لێ لابدەیت و پاشان بە تیراژێکی زۆر و بە جوانترین شێوە چاپی دەکەین. ئەویش قبوڵی ناکات هیچی لێ لاببەن. کتێبەکە رەخنەیە لە سیستەمی پەروەردەی ئێران و میتۆدی خوێندن لە ئێرانی ئەو کاتەدا. ئەم رازینەبوون و تەسلیمنەبوونەی سەمەد وادەکات بەردەوام لەم گوندەوە دووری بخەنەوە بۆ ئەو گوند و بە شێوازی جیاواز سزای بدەن. تەنانەت لە شارەکەی خۆی و لەو گوندانەش کە وانەی دەگوتەوە، بەوردی چاودێریی دەکرا. دەیویست بە هەر شێوەیەک بووە، تەنانەت بە قاچاخیش، بەڵام بەبێ سانسۆر بڵاوی بکاتەوە. سەمەد هەمیشە و بەشێوەیەکی ورد و زۆر بە جدی رەخنەی لە پەروەردە هەبوو، بڕوای وابوو بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە دەبێت لە بونیادەوە و لە سیستەمی پەروەردەوە، زۆر بنەڕەتییانە هەموو شت بگۆڕیت. دیارە ئەمەش لە بەرژەوەندیی سیستەمی سیاسی شاهەنشاهیدا نەبوو. سەمەد دوای مەرگی زیاتر خوێندرایەوە و پەیڕەوانێکی زۆرتری پەیدا کرد و تا ئەمڕۆش هەر لە هەڵکشاندایە.



# لەبارەی دمدم

ئاسۆ مامزادە



بەهار هەمیشە درەنگ دەگەیشتە ئێرە، بەڵام ئەمساڵ بەفر هەر لەسەر چیا گەردن کەشەکان سپی دەچووەوە. بەهارەکەی قەڵای دمدم تازە پێرۆکە ببوو. بەفر، تەنیا ئەوانە مابوون کە زستانان با دە پەناو پەسێو و چاڵە قووڵەکانی دەکردن، ئەوانەش تا گەرمای هاوین دادەهات نەدەچوونەوە.

لەو ڕۆژانەدا خەڵکی قەڵا خەریکی شۆم و تۆکردنی بەهارە بوون، هەندێ هەر لە ئاخپێنەکانی دەوروبەری ماڵاندا دەغڵ و دانیان دەچاند. ئەو بەیانییە پەڵە هەورێک لە سەرووی چیاکانەوە پەیدا بوو، ڕێژنە بارانێکی بەخوڕەم بەسەر قەڵای دمدمدا باری و تۆز و خۆڵی زەوی داپەستاوت و سەرلەنوێ خۆشی کرد و بووەوە بە ساماڵ، هەتاوە خۆشەکەی بەهارێ پەنجەی لە عەرزی گیر کرد، ئەم بارانە بۆن و بەرامەی هەوای پاک و خاوێن کردەوە. ئێمە لە کوردەواریدا بەم جۆرە بارانە دەڵێین: ”گورگەزێ“.....

ئەمە دەستپێکی ڕۆمانی (دمدم)ی عەرەبی شەمۆیە کە مامۆستا شوکر مستەفا کردوویەتی بە کرمانجیی خواروو، ئەو ڕۆمانە ساڵی 1966 بە ڕووسی بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەناو ڕووسیا دروست کرد، لەوانەیە مامۆستا عەرەب شامیلۆف بە خەیاڵیدا نەهاتبێ، بەڵام لەڕاستیدا ئەو دەنگدانەوەیە چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە ڕووسیا لانکەی کوردناسی بوو، بەشێکی زۆری خەڵکەکەی ئاشنا بوون بە دۆزی کورد، تا ئەوکاتە تەنیا لە کتێبە زانستییەکانی لازارێف و محۆی و نیکیتین و کەسانی دیکەدا لەسەر کورد خوێندبوویانەوە، ئێستاکەش بە ڕۆمان، کە ئەمیش لای ڕووسەکان جێگای بایەخ بوو، چونکە بۆخۆیان ڕۆماننووسی گەورەیان هەبوو، ڕۆمانی گەورەشیان خوێندبووەوە.

پێش چوونە ناو باسی چۆنیەتی خیانەتکردن لە میر و قەڵا و جەنگاوەرانی، دەبێ ئاوڕێک لە ڕابردووی قەڵا و میرەکەی بدەینەوە.

قەڵای دمدم دەکەوێتە 15 کیلۆمەتریی باشووری ورمێ و لەسەر شاخێک لە دۆڵی قاسملوو هەڵکەوتووە و لەپێش ئیسلام و بە وتەیەک لە سەردەمی ساسانییەکان دروستکراوە، بەڵام پاشان تێکدەچێ و پشتگوێ دەخرێت، تا دەگاتە سەردەمی میر قەرەتاج میری برادۆست. ئەمیرخان لە شەڕێکدا دەستێکی لە هەنیشکەوە لەدەست دەدا و بە ئەمیری یەکدەست ناوبانگ دەردەکات، بەڵام پاش ئەوەی شاعەباسی یەکەمی سەفەوی ئازەربایجانی لە عوسمانی سەندەوە، دەنێرێ بە شوێن ئەمیرخان و فەرمان دەدا دەستێکی لە زێڕ بۆ دروست بکەن و بەمەش نازناوێکی نوێی بۆ زیاد بوو کە (خانی لەپ زێڕین) بوو. میر قەرەتاج جگە لە ناوچەکانی ورمێ و شنۆ، کرایە فەرمانڕەوای قەڵای تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ، قەڵای (ورمێ) کە ناوەندی دەسەڵات بوو، لای میر پەسەند نەبوو، ڕای وابوو کە لە بەرامبەر هێرشی دوژمنان توانای بەرگریی نییە، بۆیە هەر لە شوێنی قەڵای دمدمی ساسانی، دووبارە بە هەمان ناو قەڵای دمدم بونیات دەنێتەوە. ئەم کارەشی وای لە میرانی شیعە مەزهەبی ئێران کرد، بکەونە بەربەرەکانێی میر قەرەتاج، ئەو میرانە بە شاعەباسی یەکەمیان گوت کە میر قەرەتاج نیازی وایە سەربەخۆیی میرنشینەکەی ڕابگەیەنێت، کە هەر واش بوو، بەڵام وەک هەمیشە گوناهی گەورە ئەوە بوو کە میرێکی کورد دەیویست سەربەخۆیی میرنشینەکەی ڕابگەیێنێت، بەڵام خانی لەپ زێڕین گوێ نە بەوان و نە بە شاعەباس نادات و قەڵای دمدم بونیات دەنێتەوە.

بنیاتی قەڵا یەکجار پتەو بووە و میر چەند قەڵایچەیەکیشی لەناودا دروست کردن و مەخزەنی ئازووقە و عەنباراوی (ئاو) و پاسگەی دیدەوانی لەناو و شەش دەوری قەڵا و دژێکی بۆ پاراستنی ئاوی گەلی و کۆشک و تەلاری بۆ خۆی و دامودەزگای حکومەت و بنەماڵەی میری دروست کرد و یارمەتی دارایی‌شی بە خەڵک دا لەناو قەڵا ماڵەکانی خۆیان دروست بکەن، چەندین جبەخانە و یەختەرخانە و سەربازگە و عەمباری گەورەی لەژێرزەمینەکانی دروست کرد بۆ چەک و تەقەمەنیی سارد و گەرم، بەم شێوەیە پایتەختەکەی لە ورمێوە بۆ دمدم گواستەوە.

پاش دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی قەڵا و دەستپێکی کاروباری میری، تا دەهات شاعەباس زیاتر هەستی بە مەترسی دەکرد، هەر بۆیە لە ئاگوستی 1609، حوکمی دا کۆمەڵێک جەنگاوەری هۆزی جەلالی کە لەدەست عوسمانی هەڵاتبوون و پەنایان بۆ سەفەوی هێنابوو، بە فەرماندەیی قەرەحەسەنخانی ئستاجلو، بچن بۆ ئازەربایجان و لەوێ لەگەڵ خانی لەپ زێڕین و قوبادخانی موکری و ئەمیرانی ئەو هەرێمە بۆ تێکدانی وان و سنووری ئەرزەڕۆم بڕۆن. کاتێ گەیشتنە دەوروبەری ورمێ، خانی لەپ زێڕین خۆیان لێ نەبان دەکات و لەگەڵیان ناڕوات. کاتێ ئەو هەواڵەیان بە شاعەباس دا، فەرمانی دەرکرد کە ئەمیرخان جەماعەتێک لەگەڵ کوڕەکەی خۆی بنێرێ بۆ ئەوەی هێرش بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕۆم بەرن و خان خۆی لە ورمێ بێ و کەس کاری پێی نابێ، ئەگەریش ئەو کارەی نەکرد، ئەوە دەستبەسەری بکەن و بینێرنە لام.

کاتێ خان ئاگاداری ئەم فەرمانە نوێیە بوو، زۆر تووڕە بوو، ملی بەو بڕیارەش نەدا. هەواڵەکە بە شاعەباس گەیشت و فەرمانی بە ئیعتمادولدەولەی حاتەم بەگ دا تا بچێتە قەڵای دمدم و ئەگەر توانی بە ڕێککەوتن ئەمیرخان لە قەڵا بێنێتە دەرەوە، ئەگەرنا گەمارۆی بدا و دەستبەسەری بکات. لە مانگی ڕەجەبی ئەو ساڵەدا هێزێکی سەفەوی قەڵایان گەمارۆ دا. تا چوونی ئیعتمادولدەولە هەموو ڕۆژێ شەڕ و بەربەرەکانی لە نێوان دوو لایەندا لە ئارادا بوو، گەمارۆ دوایی نەدەهات. ئیعتمادولدەولە بە هەندێک وەعد و وەعیدی شاعەباسەوە چووە خزمەت ئەمیرخان، بەوپێیەی کە میر دەیزانی ئەو هەوڵە دیپلۆماسییانە تەنیا بۆ کوشتنی کاتن و خەریکی خۆڕێکخستن و پیلانگێڕانن، ئەویش دەرفەتەکەی قۆستەوە بۆ خۆڕێکخستنەوە و ڕۆژێکی ڕاگرتن و پاشان کە زانییان خۆیان بەدەستەوە نادەن، لە کۆتایی مانگی شەعباندا (نۆڤامبەر) ئیعتمادولدەولە گەمارۆی پتەوتر کرد و دەورەی قەڵای لە نێوان ئەمیرەکاندا دابەش کرد.

سەرەڕای ئەوەی جەنگاوەرانی قەڵا چەندجار بە سوار و پیادە هەڵیانکوتایە سەر تۆپخانە، بەڵام قزڵباش لێیان کۆبوونەوە و زۆریان لێ شەهیدکردن و ئەوانی دیکە خۆیان گەیاندەوە قەڵا. لە ناوەڕاستی مانگی شەوالی ئەو ساڵەدا، سێسەد جەنگاوەر لە قەڵا هاتنە دەرەوە و هەڵیانکوتایە سەر سیپەی قەرەحەسەنخان و ئەو ئەمیرانەی لەگەڵ ئەو بوون. تا نیزیک نیوەڕۆ مەردانە جەنگان و لە هەردوولا زۆر کوژران.

دیوارەکانی قەڵا هێندە بەپیت بوون و جەنگاوەرانی هێندە ئازایانە شەڕیان کرد کە وەسمان بەگی هەکاری لە جەنگەی شەڕدا بە خۆی و شەشسەد سوارەوە لەگەڵ سەرهەنگ خدری بریندار، لەشکری سەفەوییان بەجێهێشت و پاش ناردنی پەیک و پێدانی پەیمان بە خانی لەپ زێڕین، دەچنە ناو قەڵاوە و دەبنە سوارچاکی میرنشینی برادۆست.

**دمدم بەردی لەوێ ساری**
**لێیاندا تۆپی هەوشاری**
**گەییە وەسمان بەگی حەکاری**
**بە خۆی و بە شەشسەد سواری**
**هاتە خزمەت خونکاری**
**دە گەلییە خدری برینداری**

بەڵام هەموو ئەو پاڵەوانێتی و لەخۆبوردووییە بە خیانەتی فەرماندەیەک پووچەڵ دەبنەوە. لەناو دامودەزگای میرنشینی برادۆستدا وا باو بووە کە سەرهەنگ و فەرماندەی گەورەی سوپا هەرچوار ناڵی ئەسپەکانیان لەزێڕ بۆ دروست دەکردن، ئەحمەد خانی لیتانی کە لەشەڕدا ئەسپەکەی دوو ناڵی زێڕی لێ دەکەوێت و ئێستا دوو ناڵی ئاسنیان لە جێیان لێداوە، لەو سەروبەندەدا دەچێتە لای ناڵبەندانی مەیتەرخانەی میری و داوایان لێ دەکات ئەو دوو ناڵە ئاسنەی بۆ بگۆڕنەوە بە ناڵی زێڕ، ئەوانیش داواکەی ڕەتدەکەنەوە و پێی دەڵێن کە دەبێ لەسەرووی خۆمانەوە ئەمرمان پێ بکرێت، ئەویش تووڕە دەبێت و زۆر لە بەرپرسەکەیان دەدات. کە خان ئاودەڵی برای خانی لەپ زێڕین بەوە دەزانێ، ئەمر دەکا ئەحمەد خان دەبەنە خزمەتی و زۆری لێ تووڕە دەبێ و لێیدەدا، ئەمیش ڕق هەڵدەگرێ و خۆی دەگەیەنێتە سوپای سەفەوی و سەرچاوەی ئاوی قەڵایان بۆ ئاشکرا دەکات و ئەوانیش ئەوجار هەموو پلانەکانی شەڕ دەگۆڕن، پاش دڵنیابوون لە قسەکانی ئەحمەد خان و دڵنیابوون لە دیتنەوەی سەرچاوەی ئاوی قەڵا، لە پێشدا ئەحمەد خان دەکوژن و پاشان هەوڵەکانیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئاوی قەڵا وەگەڕدەخەن.

پاش شەڕوپێکدادان و بەرگرییەکی قارەمانانەی جەنگاوەرانی قەڵا، سوپای سەفەوی دەست بەسەر ئاوی قەڵادا دەگرن، جەنگاوەران و دانیشتووانی قەڵا نزیکەی بیست ڕۆژ بەرگەی بێ ئاوی دەگرن، لەو کاتەدا بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بارانێکی زۆر باری و بووە هۆی ئەوەی ئەنباراوەکان پڕ ببنەوە و بەمەش بۆ چەند مانگێک توانییان خۆیان لە بەردەم هێرشی داگیرکەران بگرن. خانی لەپ زێڕین پەیکێک دەنێرێ بۆ میرە کوردەکانی دۆستی و نەسوح پاشا و میرشەرەفی بۆتانی و ئەمیرانی کوردستان بەهانایانەوە دێن، بەڵام هەواڵەکە بە شاعەباس دەگات و پاش ناردنی 12 هەزار ڕمبدار، نەسوح پاشا دەگەڕێتەوە و ئەو هێزە لەبەریەک هەڵدەوەشێت.

سوپای سەفەوی پاش ئەوەی دەزانن قەڵا خۆی گرتووەتەوە و لانیکەم بۆ ماوەی سێ مانگی دیکە ئاویان هەیە و خۆیان بەدەستەوە نادەن، لە ماوەی چل ڕۆژدا سێ تۆپی گەورەتر لەوانەی کە هەن دادەڕێژن و ئاخری لە پاش شەڕ و پێکدادانێکی زۆر و شەکەتی و تینوێتیی خەڵک و جەنگاوەران، پاش چوار مانگ شەڕکردن، قەڵای دمدم چیتر خۆی ناگرێت و خانی لەپ زێڕین فەرمان دەدا بە تەقاندنەوەی پاشماوەی چەک و تەقەمەنیی قەڵا بۆ ئەوەی هەموویان بسووتێن و وەدەست دوژمن نەکەون، ژنەکانیش خۆیان لە هەڵدێر و دیوارەکانی قەڵاوە فڕێدەدەنە خوارێ بۆ ئەوەی وەدەست داگیرکەر نەکەون.

**ئەوە کێ بوو لەبەر ژنی گاوانی**
**ئەو تەگبیرەی دەکرد بۆ خانمەکانی**
**دەیکوت وەرن ئەمە بچینە سەر قەڵاتی دمدمی**
**خۆ هەڵدێرین پێنسەد کەوانی**
**ئەوە لەبەر پۆلە خانمی دە چاو خومارە**
**ئەوان لە ئەستۆی خۆیان شل دەکردەوە هیزارە**
**هاواریان دەکرد یا پەروەردگارە**
**لە قەڵاتی دمدمی خۆیان هەڵداشتە خوارە**
**بە حوکمی خودای دەبوونەوە پۆلە کۆترێکی باڵدارە**

بەوشێوەیە کۆتایی بە قەڵای دمدم و میرنشینی برادۆست هات، بەڵام داستانی قارەمانێتیی جەنگاوەران و میر و خەڵکەکەی بووە هەوێنی دەیان چیرۆک و بەیت و چوار ڕۆمان و دەیان سەرهەڵدان و شۆڕش و تاهەتایە لەناو بیری هەموو کوردێکی بەشەرەفدا دەمێنێتەوە.

ئەم باسە بە دوو کۆپلە لە بەیتی دمدم بە ریوایەتی سوورەی عەزیز ئامان و مام ئەحمەدی لوتفی تەواو دەکەم کە ئەگەر لێی ورد بینەوە، دەڵێی بۆ ئێستای کوردستان هۆنراوەتەوە و موژدەی زۆر گەورەی پێیە.

**کەوڵەکێ، کاوڵە دنیایە**
**دنیایەکی بێ وەفایە**
**بێ شەرتێ، بێ قەولێ، سەرەخۆرێ، بێ وەفایە**
**وەرە عەزیزەکەی لەدنیایەم**
**نە وەفای لەبۆ کەسە، نە بۆ کەس وەفایە**
**وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی ئادەم، نە بۆ داکەوایە**
**وەفای نەدەما نە بۆ چیایە، نە بۆ گوڵ چیا یە**
**وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی یوسف، نە بۆ زولەیخایە**
**وەفای نەدەما نە بۆ مەجنوونە شێتەی، نە بۆ شیرین لەیلایە**
**وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی سولەیمان**
**ئەگەر بلقیسیان بۆ دێنا لە خزمەت پادشای باسەفایە**
**وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی ئەسکەندەر**
**ئەگەر بە حوکمی پاڵەوانان خەرجی دەستاند**
**لە ڕۆژێ و لە مانگێ، لە دریایە**
**وەفای نەدەما نە بۆ ئیمامی شێرعەلی**
**ئەگەر بە سواری دولدولی، بە نووکی زولفەقاری**
**لەگەڵ کافران دەیگرتەوە جەنگ و جیدایە**
**خودامان هەر ئەو خودایە**
**کوانێ جانی بنی جان**
**کوانێ جمجمە سوڵتان**
**کوا بەختەک و نۆشیروان**
**ئەوان دنیایان دەکرد فراوان**
**لەوانیش شتاق نەمان.**

**بەیتی (دمدم) سوورەی عەزیز ئامان**

**هات لەشکری هیرمان و عوممانێ**
**ڕاوەستان لەسەر زین و خوانێ**
**وەک ڕۆژی ئاخر زەمانێ**
**عەجەم کاری وای کردووە؟**
**سەرلەشکریان کێ بووە؟**
**لەشکرمان دوایی نایە**
**دوژمن دەکا واوەیلایە**
**پێشیان دەگرین تا سەڵماسێ**
**باب هیچ کوڕی خۆی ناناسێ**
**هات لەشکری دیاربەکرێ**
**هەر وەکو باز وەکو سەقرێ**
**ڕوح لە دوژمن وەردەگرێ**
**ئاخر ئاکرێ بەجێماوە**
**هاتن جوان و خاو و لاوە**
**لەسەر ڕکێف ڕاوەستاوە**
**هەموو دنیا وەرگەڕاوە**
**ئەی تۆپ بۆ دانەبەستراوە**

**هاتووە لەشکری لای کۆ**
**هەموو ئازان و سەربەخۆ**
**لە عەجەمان بۆتە ڕۆڕۆ**
**هاتووە لەشکری هەولێرێ**
**کەس بەو سپایە ناوێرێ**
**عەرزی بە خوێن دەدێرێ**

**ئەدی بۆچیمان نەزانی**
**هات لەشکر لە سلێمانی**
**دنیا پڕ بوو لە پیادە و سوار**
**بە هجوم گرتیان بیست و یەک شار**

**هات لەشکری وانێ**
**حەوسەت کەسیان چوونە سانێ**
**دەشکێنم حوکمی سوڵتانێ**
**هات لەشکر لە مهاباد**
**سوپای دوژمنی دا بەرباد**

**چوو لەشکر بۆ کەرکووک**
**وەکو دەریا و سێڵاو دەبزووت**
**سوار و پیادە پاک تاق و جووت**
**عەرەب و عەجەم قەراریان دا بە فیرار**
**بوون بە سوپای بێ سەردار**
**لەشکری کوردان ڕاوەستان لە مەیدانێ**
**بۆیان دانان میزانێ**
**ئەمریان کرد بە جەنگاوەرانێ**
**لە بۆ خوێنی کوردانێ**
**بگرن تەختی ئیسپەهانێ**
**بەیتی (دمدم) مام ئەحمەدی لوتفی**
(بە دەستکارییەوە)


**سەرچاوەکان:**

1. ڕۆمانی (دمدم) عەرەبی شەمۆ، وەرگێڕانی شوکر مستەفا.
2. شەرەفنامە / نووسینی میرشەرەفخانی بەتلیسی/ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار/ دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم 2006.
3. گەنجی سەر بەمۆر/ ئەحمەدی بەحری.
4. وەرگێڕانی کوردیی چیرۆکی دمدم، تاهیر قاسمی، بە ڕەوایەتی کتێبی مێژووی عەباسی/ مەلا جەلالی مونەجیم.


